# مۆبایل و زریکەی مەرگی دوعا



بەریوەبەری نووسین

مێژووی کولتوری ژنکوژی لەناو کورددا، مێژوویەکی دێرینە کە سەمان نازانین یەکەم ژنە قوربانی نێو ئەم کولتورە ناوی چی و خەڵکی کوێ بووە و چۆنیش و بەچ شێوازێك بە پاساوی پاراستنی حەیاو شەرەف و ناموسەوە کوژراوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کورد بەر لەوەی برا کوژی کردبێت ژنکوژی کردووە. ژنانی قوربانی ئەم کولتورە ژەنگاوییە ژمارەیان بە هەزاران کەس دەبێت، بەڵام هەریەکە و بە جۆرێك کوژراون بەشێکیان لەسەردەمی بەر لە گەیشتنی تەکنەلۆژیا بۆ کوردستان و کپکردنەوەی ژاوەژاوی زریکە و هاوار و گریانیان لە دڵ و چۆڵەوانیەکان و هەندێکیان هێندە بە پەنهانی کوژراون جگە لە چاوی بکوژ هیچ چاوێکی تر نەیبینیون. لەنێو مێژووی ئەم کولتورە کرێتەدا، مافی زریکەی هیچ قوربانیەك وەکو زریکەی (دوعا) نەگەیشتە گوێچکە و ناخی خەڵك لە کوردستاندا و هەموو جیهاندا، لە دوای راپەرینەوە لە فەزای زۆری دەزگاکانی راگەیاندن بە بیسترا و بینراو خوێنراو، هەمیشە کوشتنی ژنان بە پاساوی ناموس پارێزی تەنها وەکو هەواڵێك هاتووە و گوزەری کردووە. بەڵام ئەمجارە کامیرای مۆبایلەکان شێوازی هەرە دڕندانەی کوشتنی (دوعا)ی خستە بەر چاوی بینەرانی هەموو دنیا و ویژدانی هەرە زۆری کۆمەڵگای تاساند کامیرای مۆبایلەکان بوون بلۆکی دەستی ژنکوژانی خستە بەر چاومان کە چۆن ئەو وەحشیەت و دڕندایەتی خۆیان داباراندبووە نێو بلۆکە کۆنکریتیەکان و جەستەی پاکیزەیی(دوعا)یان بێ هەلا هەلا دەکرد. شاشەی کامیرەی مۆبایلەکان بوو رەشترین ژنکوژانی کوردی گەیاندە نێو تۆڕی ئینتەرنێت و شاشەی کەناڵە نێو دەوڵەتیەکان. بەکارهێنەرانی مۆبایل بۆ ریسواکردنی ئەم کولتورە وێنەی دیمەنەکانیان نەگرت بەڵکو ئەوان دەیانویست بە حیسێبی خۆیان ئازایەتی خۆیان بە ئەرشیف بکەن، بەڵام ئەم کارەیان بووە سەرچاوەی سەدان بابەتی رۆژنامەوانی و بەرنامەی بەڵگەنامەیی لە بارەی کوشتنی (دوعا).بۆ نموونە تۆڕی (CNN)ی ئەمەریکی بەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی لەسەر کوشتنی (دوعا) پەخش کردو بە ملیۆنەها بینەری هەبوو.

ئەگەر لە کوردستاندا بەهۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلەوە زۆر لە ژن و کچان بوونەتە قوربانی، بەڵام ئەمجارە مۆبایل بە شێوازێکی تر قوربانییەکی تری دڵتەزێنی ئەم کولتورەی بە هەموو دونیا ناساند و قۆناغی کولتوری ژنکوژی بەر لە کوشتنی(دوعا) لەگەڵ دوای ئەو قۆناغە زۆر جیاواز دەنواند، ئێستا زۆر قێزەوەن تر و دزێوتر و بەدفەساڵتر دێتە بەر چاو. کۆمەڵگای ئێمە بە رێکخراو و ناوەندەکانی ئافرەتانیشەوە لە بەرامبەر کوشتنی ژنان هەمیشە وشتەمەل ئاسا سەریان لەژێر خۆڵ نابوو، لە توندترین هەڵوێستدا بە بەیاننامەیەك هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ قوربانیەکە دەردەبڕی و ئیدانەیان دەکرد، بەڵام ئەمجارە دیمەنەکانی نێو مۆبایل ، ئەوانیشی لەم حاڵەتە دەرباز کرد و ناچاریکردن دەرگای پەرلەمان و حکومەت بگرن و داوای سزادانی توندی بکوژانی (دوعا) بکەن و سوربن لەسەر ئەوەی هەروا بە ئاسانی ئەو جۆرە تاوانانە نابێت و بەبێ سزادان بەسەر ئەنجامدەرانی تێپەڕبێت .

کولتوری ژنکوژی کە تا ئەمڕۆ یەکێکە لە کولتورە بەرچاو و زیندووەکانی کورد، بەڵام ئەمجارە مۆبایل لە دەرخستنی راستەوخۆی تاوانی ژنکوژی رەنگە وابکات ئەم کولتورە بە تەواوی بپوکێتەوە و ئەگەر بە هەمووان، بە تایبەتی حکومەت و یاسا کەمێك خۆیان هیلاك بکەن و کاربکەن بۆ ئەوەی بە یەکجاری بپوکێتەوە.